


# پیدرۆ پارامۆ

ڕۆمانەکەی خوان ڕۆلفۆ، سەرزەمینی ئەرشیفە ونەکان

باران

لە فارسییەوە: باران

شاکارە کورتەکان، ناونیشانی کۆمەڵێك رۆمان و کورتە چیرۆکن لە دیارترین بەرهەمە ئەدەبیەکان کە تازە چاپکراونەتەوە: (نەفرەتی هەتا هەتایی لە خوێنەری ئەم پەڕانە) بەرهەمی مانویل پوییگ (بزربووەکان) بەرهەمی ئاریل دورفمان، (ژیانی من)ی ئەنتۆن چیخۆف، (عەشق و شەیتانەکانی تر)ی گابریل گارسیا مارکیز و (پیدرۆ پارامۆ)ی خوان رۆڵفۆ. رۆمانی پیدرۆ پارامۆ کە لە باشترینەکانی ئەدەبیاتی سەدەی بیستەمیشە، لە باشترینەکانی ئەم کۆمەڵەیە. بەهەمان شێوەی کە لە پێشەکی ئەم رۆمانەدا نوسراوە، خوان رۆڵفۆ ئەستێرەیەکی تەنیایە لە ئەدەبیاتی ئەمەریکای لاتین، قەڵەمێکی تیژەو هەر دەستەواژەیەك لە رۆمانەکەی، وەکو بڵێی لەسەر گاشە بەردی سەخت هەڵدەکۆڵێت. ئەو بەشێوەیەکی تەنز ئامێز ئەفسانە بەکاردەهێنێت. ئەم شوێنە ئەفسانەییە جیهانێکە ئاخنراو لە ساتە تێپەڕیوەکان، کە تیایدا وتەو یادەوەری و ئەندێشەی مرۆڤەکان هەموویان پێکەوە دەخرێنەڕوو. لە پیدرۆ پارامۆدا ئەوەی لەرواڵەتدا بەسەرهاتێکە کە نوسەرەکەی لەسەر ئەوەیە، کە بە هاوکاری چیرۆکەکەی خۆی بگێڕێتەوە، لەراستیدا پارچەیەك لە چیرۆکێکە، کە یەکێك لە دەنگە زۆرەکانی رۆمانەکە، یەکێك لە کوڕانی پیدرۆ پارامۆ بەناوی پرسیادۆ دەگێڕێتەوە. خوان رۆڵفۆ خۆپەرستی خودی پیدرۆ پارامۆ بە بەرپرسیاری حاڵ و رۆژگاری جیهانی بەرهەمەکەی دەزانێت. رۆڵی پیدرۆ پارامۆ لە دنیای بەرهەمەکەیدا رۆڵێکی رابەرییە لەهەر سیستەمێکی ئەفسانەیی. ئەو هێمای دەسەڵاتی **باڵاترین**



**چیخۆف**

خاڵی هەرەمی کۆمەڵگەو لە دەسەڵاداریێتی بەرهەمی جیهانی خۆیەتی. کۆمالا، گوندێکە کە خوان پریسیادۆ لە سەرەتای رۆمانەکەدا پێی تێدەخات، ناوەندی ئەم جیهانەیە کە بەهۆی نەفرەتی پیدرۆ پارامۆوە لە ناوجەرگەی بیاباندا بەشێوەی گۆڕستانی لێهاتووە. لە کۆتایی هەمان رۆمانیشدا رۆڵفۆ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ لویس هاراس باس لە رەچەڵەك و ناسنامەی خۆی دەکات، لە شوێنێك کە زۆر وێکچووش نیە بە کۆمالای رۆمانەکەش. (من لە شوێنێك هاتمە دنیاوە کە ئێستا گوندێکی بچووکە.... راستییەکەی من لەسەردەمی شۆڕشەکانەوە، یا باشتر بڵێم لە شۆڕشدا لە دایکبووم، دەڵێم لە شۆڕشەکان، چونکە ژمارەیان یەك و دووان نەبوو....) رۆڵفۆ وادیارە لە باوو باپیرانی بێئاگایە. ئەو بۆ دۆزینەوەی رەگ و رەچەڵەکی ونبووی خۆی کەوتۆتە هەڵدانەوەی گۆڕی خزمەکانی، بەڵام کونجکۆڵی مێژوویی، بێهودە ئەوی بەلای نوسراو و بەڵگەنامەکاندا کێشکردووە، بۆ ئەم مەبەستە کتێبخانەکان و ژێرزەمینی بانکەکان و بەڕێوەبەرێتی ئامارو تۆماری باری کەسیەتی هەموو گەڕاوە. مەکسیك، وڵاتی ئەرشیفە ونبوەکان و بەڵگەو مەدرەکە جێگۆڕکێ پێکراوەکانە. بەتایبەتی ناوچەی رۆڵفۆ کە لەنێو پشێوی و پەرتەوازەیی کاروباری ئیداریدا ژێرخاك کراوە. (ناوی ناوچەکەی من پارێزگای ئاڤالوس بوو کە
بۆخۆی بەشێك بوو لە ئیسپانیای
نوێ و بە



گوزارشتێکی دیکە، مەکسیکۆ. ساڵەهای ساڵ بەڵگەکانی خەڵکی پارێزگای ئاوالوس ونبوون، چونکە تاعون و لەرزوتا زۆر لە خەڵکی ئەو گوندانەی کوشت. زۆریشیان بەدەستی داگیرکەران کوژران. زۆربەی داگیرکەرانی ئیسپانیایی کەسانی شەڕخواز بوون، تاوانکاربوون. هەندێك ناویان لە خۆیان نابوو کە بوونی نەبوو. گۆڕینی ناو بەلای ئەم کەسایەتیانەوە کارێکی ئاسایی بووە. ناوی بنەماڵەشیان لەخۆیان دەکردەوە و ناوی ناوچەکەی خۆیان لەخۆیان دەنا. لێرەدایە کە مەسەلەی شەجەرەنامە لەبەریەك هەڵدەوەشێت). خوان رۆڵفۆ بەمشێوەیە وەسفی کۆمالا دەکات: (ئەو شوێنەی کە زیندووەکان، ئەگەر شتێکیان لێ مابێتەوە، هیچیان فەرق نییە  لەگەڵ مردووەکان. کۆمالا سەرزەمینێکی ماندووکەر، هیچ نییە جگە لە چاڵێك کە کەوتۆتە نێو دەشتێکی بەرفراوانەوە، سەرباری ئەوە بۆ ئەوانەی کە کەوتوونەتە داوەوە قووڵکەیەکی سوتێنەری نێوان گردەکانە کە لەسەر زوخاڵی سوتێنەری زەوی، لەسەر لێواری دۆزەخدایە. شوێنێك کە تەنیا سێبەرێکی لە ژیان ماوەتەوە). کاتێ خوان پریسیادۆ لە دوای چەندین ساڵ دووری دەگەڕێتەوە بۆ کۆمالا، لەوێ لادێیەکی چۆڵکراو دەدۆزێتەوە کە لە دەنگ و دەنگدانەوەی دەنگ پێکهاتووە. (ئەم گوندانە ئەو گۆڕستانانەن کە دەڵێن هەندێ رۆژی ساڵ مردووەکان دەگەڕێنەوە بۆلای زیندووەکان. هەندێك لەسەر ئەم باوەڕەن، کە ئەو کەسانەی بە گوناهکاری دەمرن مەحکومن بەوەی، کە بۆ هەتا هەتایە لەسەر زەوی سەرگەردان بن). ئەمانە رۆحی ئەو زەحمەتکێشانەن کە ئارامیان دەستناکەوێ. هێندەی پێناچێت کە خوان پریسیادۆ تێدەگات، کە سەری پڕبووە لە دەنگە دەنگ. ئەو چیرۆکەکە (رۆمانەکە) لە دنیایەکی ترەوە دەگێڕێتەوە. مردنی ئەو- یان ئاگاییدا بوون لەو راستییەی کە ئەویش مردووە- لە نیوەی کتێبەکەدا دەردەکەوێت. رۆمانی پیدرۆ پارامۆ لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دەگوزەرێ، لە دەرکەوتنی شۆڕشە یەك لەدوایەکەکانی مەکسیك. دەرکەوتن و کەوتنی پیدرۆ پارامۆ بەشێوەیەکی ورد پشت بە هەندێ هۆکاری مێژوویی دەبەستێت. پیدرۆ پارامۆی خاوەن موڵك دوور نییە لەو موڵکەی لە باکوری مەکسیکە، ئەو شوێنەی کە تیایدا شۆڕش دەستپێکرد، لەوپەڕی  گەورەیی و پایەبەرزی بەهرەمەند بوو، خاوەن موڵکێك کە بە هەبوونی دارایی و موڵکە بێ شومارەکانیەوە لەپایەتەختدا نیشتەجێبوو. پیدرۆ پارامۆ نمونەی خاوەن موڵکێکی مامناوەندە کە لە خالیسکۆ دەژیا، بە داهاتی زەوییەکانی گوزەرانی بەڕێدەکردو خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی دەکردن. ئەمەیە کە سیمای وردی پیدرۆ پارامۆ بە قەولی لویس هاراس بەهۆی یادگەی بە کۆوە وێنا دەکێشرێت.

خوان پریسیادۆ، لە پیدرۆ پارامۆ دا هاتووە، تا بۆ دواهەمین خواستی دایکی لەسەرەمەرگدا، میراتی خۆی لە باوکی بخوازێ، بەڵام ئەو زۆر درەنگ هاتووەو تەنها میراتی مەرگە. رۆڵفۆ لە پیدرۆ پارامۆدا (جیهانێك نیشان دەدات کە بە کۆتاییەکی بێ کۆتا دەگات، جیهانێك کە تەنانەت مردووەکان رێگەیان پێنادرێت فەرامۆشبکرێن). لەمڕووەوەیە کە چاوپێکەوتنەکەی رۆڵفۆ لە کۆتایی کتێبەکەدا پەیوەندییەکی ماناداری بە خودی رۆمانەکە دەبەخشێت، جۆرە پەیوەندییەك کە وەکو بڵێی چاوپێکەوتنەکە تەواوکەری رۆمانی پیدرۆ پارامۆیە، یەکێك لە دە رۆمانی گەورەی سەدەی بیستەم.